# لە بن کەپری خاڵخاڵۆکەدا



## ئەوە کێیە؟



بابی ئەسپە.
دایکی ماینە.
کەسکاتی ئەخوات و
نزیکەی (٢٠) ساڵان
ئەژییێت.
ناوی چییە؟



# سەیرە بەڵام راستە!



- گەورەترین مار لە جیهاندا جۆرێکە ناوی (ئەناکۆندایە) لە ئەفریقیا ئەژی و درێژییەکەی (٨) هەشت مەترە.

- (جەنگیزخان)، سەرکردەی تەتارەکان نەخوێندەوار بووە.

- لەشی مرۆڤ (١٣) سیانزە ملیار شانەی دەماری تێدایە هەر ملیارێک هەزار ملیۆنە.



- مێرووله ئەتوانێت بارێکی (٥٢) جار لە خۆی گرانتر هەڵگرێت. سیسرکەی سەربەقۆچ ئەتوانێت بارێکی (٨٥٠) جار لە خۆی گرانتر هەڵگرێت. ئەگەر ئێمەی مرۆڤ هێزی مێروولەمان هەبا، منداڵێکی پێنج ساڵی ئەیتوانی فیلێک هەڵگرێت. خۆ ئەگەر هێزی سیسرکەیەکی سەربەقۆچمان هەبا، ئەوا ئەو منداڵ ئەیتوانی (١٦) فیلان بە جارەکی هەڵگرێت.



- گرانی مێشووله، گرامێکە، بەڵام کاتێک پێوەمان ئەدات، سێ گرام خوێنمان ئەمژێت، بەو خوێنە هێلکەکانی بەخێو ئەکات، مێشووله هەتا (٥٠٠) هێلکان بە جارەکی ئەکات.

- مرۆڤ رۆژانە پێویستی بە (١٨٠م٣) هەوا هەیە.

- لە کەنداوی (بالی) لە ئەندونیسیا، ناو ئەکردرێن و ئەفرۆشرێن.

- ناوی هەندێک پیاوان لە هۆزەکانی پێستسورەکانی ئەمریکی ئەگاتە (٤٠-٥٠) پیت، چونکە هەموو ساڵێک پیتێکیدی لە سەر ناوەکانیان زیاد ئەکەن.

ئەم باڵندەیە بناسە.




# بەتریق

بەتریق باڵندەیەکی یەکجار جوان و ناوازەیە، درێژییەکەی لەنێوان (٤٠-١٢٠) سەنتیمەتردایە، لەشە خڕینەکەی بە شێوەیەکی چڕ و ڕێکوپێک بە پەڕەمووچ داپۆشراوە، بەڵام قاچەکانی و دەنووکی بێ تووکن.


بەتریق، مەلەوانێکی زۆر زیرەک و ئازایە، لە مەلەوانیدا سوود لە شێوەی لەشی و چەوری پەڕەمووچی و باڵە کورتەکانی وەرئەگرێت.


بەتریق، ماسی و زیندەوەرە دەریاییەکان ئەخوات و لەسەر ئەوان ئەژی.

بە یەکێک لە ئاژەڵە جەمسەرییەکان دائەنرێت و هەندێ لە جۆرەکانیشی لە کەنارەکانی نیوزیلەندە ئەژین.



## بیانبینەوە!




وێنەی دووەم لە بەر وێنەی یەکەم گیراوەتەوە، بەڵام هەشت هەڵەی تێدایە، زیرەک بە و بیانبینەوە.